



# بۆچی لەن

**عەقڵ و بیرکردنەوەی هەندێ لە پیاوانی کۆمەڵی ئێمە هێندە نامەنتیقەوە بۆی ناکرێ رەش و سپی لێک جیابکاتەوە، زۆرجار تاوانبار و بێ تاوان، گوناهبار و مرۆڤی خاوێن وەک یەک تەماشا دەکات، (لەنجە) لەبری ئەوەی وەک کچێک هەوڵی ئاشکراکردنی گوناهێکی داوە رێزی لێبگیرێ، کەچی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە ئەویش وەک تاوانبار سزا دەدرێ**

ئا: باوکی میدیا

## دۆزینەوەی تەرمێک

نیوەڕۆیەکی ساردوو باراناوی بوو کابرایەکی (٤٥)ساڵی کە بەرێکەوت رێی بەو کۆڵانەدا کەوتبوو، لەگەڵ پێچ کردنەوەی، رەنگی سووری گۆماوە بچووکەکەی بەردەمی سەرنجی راکێشا و ساتێك وەستا و وردتر دیقەتیدا، ئەمجا لەسەرەخۆ و هیواشتر بەرەو گۆماوەکە چوو، سەری نەویتر کردەوە و بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆیشت کە خوێناوەکە رەنگە سوورەکەی تۆختر دەبوو، لەپڕ وەستا، بینی لە سووچی دیوارێکدا کچێکی (٢٠)ساڵەیی هەتا بڵێی جوان و شۆخ پشتی بە دیوارەکە داوە و ملیشی لار بۆتەوە، رێك وەك ئەوەی حەزی کردبێ لەبن ئەو دیوارە لە ژێر دڵۆپەی بارانی ئەو کاتە سەرخەوێك بشکێنێ، وەها کەوتبوو دەتگوت تازە خەوی لێکەوتووە.

کابرا تۆزێك لە کچە راما و ویستی بڵێ کچم ئەوە بۆ لێرە لەبەر ئەو بارانە خەوتووی هەموو لەشت تەڕ بووە، کەچی لەپڕ وەك بروسکە ژانێك بەنێو دڵی داهات و چاوی کردەوە یا راستترە بڵێین بەخۆداهاتەوە و چاوەکانی ئەبڵەق و زەق بوون، سەرنجی لە جل وشانیدا، دەستێکی درێژکرد و ویستی بزانێ خوێنەکە لە کوێی دێت، هەر زوو دەستی گەڕاندە دواوە و هەستی بە ترسێکی کوشندە و یەکجار رەشبین کرد. تازە هاتبۆوە سەرهۆشی خۆی، ئەوجا زانی ئەو کچە مرۆڤێکە و کوژراوە و لێرە فڕێدراوە.


کچە هێشتا خوێنەکەی گەرمبوو، ئەوەندە خوێنەی لەلەشی مابوو، زۆر لەسەرخۆ لە شوێنی گوللەکە دەچۆڕاو دەهاتە دەرەوە، کابرا بەڕاستی ترسی گەیشتێ خودایە چی بکەم، ئاخر ئەو کچە جوانەیان بۆ کوشتووە، کەسێك ئەوەندە مرۆڤ کوژ و بێویژدان و دڵڕەق بێت، کچە جوان و جاحێڵێکی وەها بکوژێ، حەتمەن ئێستا لە شوێنێك خۆی مات داوە و منیش دەبینێ، ئەوسا ئەگەر عەقڵی گرتی لەوانەیە گوللەیەك بنێ بەمنیشەوە هەتا زووە بابڕۆم... کابرا ئەو قسانەی لەدڵی خۆی کرد و چەند هەنگاوێك رۆیشت تۆزێك راوەستا، دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو مووەکانی لەشی رەپ بوون، دەمووچاوی گرژبوو هەناسەی توندتربوون و دڵی زیاتر لێیدەدا، گەڕایەوە دواوە و بە رقێکی زۆرەوە سەیری گۆماوە خوێنەکەی کردوو بڕیاری خۆیدا.

## ئاگادارکردنەوەی پۆلیس

کابرا مۆبایلەکەی گیرفانی دەرهێنا و زەنگی لێدا، دوای نزیکەی چارەگە سەعاتێك دووسێ ئۆتۆمبێلی پۆلیس بە چەند پۆلیس و رێپێدراو و ئەفسەرێکەوە گەیشتنە شوێنەکە و کابرا چووە پێشەوە و خۆی پێناساندن و گوتی: ناوم خۆشەوییە، ئەم نیوەڕۆیە، کە هەمووی ٢٠خولەکێك دەبێ بێرەدا رەتبووم و بەرێکەوت ئەم تەرمەم لێرە بینی و زەنگم بۆ ئێوە لێدا.. قسەکانی خۆشەوی تۆمارکرا و دەستکرا بە پشکنینی شوێنی رووداوەکە و هەرچی لەوێ هەبوو هەمووی تۆمارکرا و پاشان تەرمەکە بردرایە پزیشکی دادی و لەوێ پشکێنرا، لە پشکنین دەرکەوت نزیکەی دوو کاتژمێرێك دەبێ کوژراوە، گوللەیەك لەملی دراوە، بۆڕی خوێن و ماسولکەکانی ملی هەڵزڕاندووە و دوو بڕبڕەی ملیشی شکاندووە، دەورووبەری کونی گوللەکە شوێنی باڕووت و سووتان هەیە ئەمەش نیشانیدەدات کە زۆر لە نزیکەوە گوللەکەی لێدراوە، دوای تەواببوونی پشکنینی پزیشکی راپۆرتەکە بە پەراوەکەی کە بۆی کرابۆوە بەسترا، لێکۆڵینەوەیەکی دووروودرێژیش لەگەڵ (خۆشەوی) کرا، دەرەنجامی لێکۆڵینەوە دەریخست کە(خۆشەوی) تەنیا هەواڵدەری رووداوەکە بووە و بەس، هیچ پەیوەندییەکی بە تاوانەکەوە نییە دوای چەند رۆژێك لە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ دەرکەوت کە ئەو کچە پێشتر بە دوو رۆژ لە بنکەی چاکسازی نێوجەوانان بووە، هەر کە هاتۆتە دەرەوە رۆژی دوایی کوژراوە.


## لەنجە کێ بوو؟

کە پۆلیس بە ناوی بنکەکەدا رۆیشتەوە، دەرکەوت ناوی (لەنجە)یە و وێنەکەشی لە لیستەکە درابوو، هۆی مانەوەشی لەو بنکەیە تەنیا بۆ پارێزگاری لێکردنی بووە و هیچی تر، بەڵام چۆن هاتۆتە ئەو شوێنە؟ توێژەری کۆمەڵایەتی بنکەکە ئەم شێوەیە گێڕایەوە و گوتی: راستییەکەی برادەرانی پۆلیس لەسەر بڕیاری دادوەری تایبەتمەند (لەنجە)یان هێنایە ئێرە، (لەنجە) لەماڵی براکەی دەژیا، ماوەیەك بوو گومانی لەبراژنەکەی خۆی هەبوو کە دەستی لەگەڵ کوڕێك هەبوو، کاتێك(لەنجە) دەچووە پەیمانگا



## ...ـەکانی دادگاوە

# ...ـجە کوژرا؟



(چونکه قوتابی پەیمانگا)بوو، براژنەکەی ژوانی لەگەڵ کوڕەکە دادەنا، یەك دووجارێك (لەنجە) خۆی لە بۆســەدابوو بۆی، ڕۆژێك بە براژنەکەی گوت: ئەمڕۆ زوو دەچمە پەیمانــگا چونکە تاقیکردنەوەمان هەیە دەچم لەوێ دەخوێنم تا کاتی تاقیکردنەوەم دێت، براژنەکەشی گووتی: باشە بڕۆ کە ڕۆیشت، لە سووچێکی کۆڵانەکەیان خۆی مەڵاس دەدا، دوای کەمێك کوڕێك بەدیار دەکەوێ کە پێنج شەش ساڵێك لە براژنەکەی بچووکتر دەبێت، یەکسەر خۆی بە ژووردا دەکات و براژنەکەشی دەرگای حەوشەکە دادەخات (لەنجە)ش بەخێرایــی دەڕوا و بەتووندی لــەدەرگا دەدات، پاش تۆزێك برژانەکــەی دەرگاکە دەکاتەوە، (لەنجــە) بەپرتاو خۆی بەژوور دادەکات و یەکــە بەیەکەی ژوورەکان دەگەڕێ دەبینێ کەسی لێنییە، بەهاواروقیژەوە بە براژنەکەی دەڵێ کوا ئەو کوڕەی هاتە ژوورەوە لەکوێت شــاردۆتەوە، براژنەکەشــی خۆی لێ نــەزان دەکات و بەتوڕەییەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: کچێ جارێکی تر قسەی وا نەکەی، ئەوە ماڵەکە لە پێشتە بگەڕێ تا دەیدۆزییەوە، ئەگەر دۆزیتەوە حەیام ببە، ئەگەر نەتدۆزییەوە هەرچی خراپ بێت پێتی دەکەم، ئەم مشــتومڕە ماوەیەك دەکێشــێ و(لەنجە) لە دۆزینەوەی کوڕەکە بێئومێد دەبێت و پێی دەڵێ: دەزانم بەســەربان بەڕێت کرد، بەس وەرە پێم بڵێ بۆ وادەکەی براکەم چ خراپییەکی بۆ تۆ هەیە..؟ ئەگەر پێی نارازی خۆ جارێ منداڵتان نەبووە، ئاســاییە داوای تەڵاقی لێبکە و جیابەوە لێی بۆ خیانەتی لێدەکەی...(لەنجە) بەنیازبوو بە قسەی خۆش دانپیانانی لێوەربگرێت، هەر وەك خۆی بۆ ئێمەی باســی کردووە قسەکانیشی لای ئێمە بەشێوەیەکی یاســاییانە تۆمارکراوە، بەهەرحاڵ وەك خۆی پێی گوتین: مەبەســتم ئەوەبوو دان بە هەڵەکەی خۆی بنێ و ئینجا وای لێبکەم واز لەوکارە هەڵەیەی بێنێ، چونکە لەوانەیە ســەری تیابچێ و ئابڕووی ئێمەش بچێت، بەڵام قســەکردن لەگەڵی بێسوود بوو، ئەو هەر ســوور بوو لەســەر نکوڵی کردن لێی، ئەوەبوو منیش بڕیارمدا و گوتم: ســوێندبێت، کە من بە چاوی خۆم ئەو کوڕەم بینی، هەر دەبێ بەســەر تاوانەوە بتگرم و لەدەمی خۆت دانپیانان ببیستم.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە لەســەر قسەکانی دەڕوا و دەڵێ: بەڕاستی (لەنجە) کچێکی تا بڵێی بەحەیا و بەئەدەب بوو، هەڵەی باوك و براکانی گەیاندییە ئێرە، ئەگەر کەللەرەقی و بێ عەقڵی و نەزانی باوك و براکانی نەبووایە، پۆلیس ناچار نەدەبوو ئەو کچە لێرە دابنێ بۆ پاراســتنی، ئەوە تەنیــا هەفتەیەك لێرە مایەوە، بەڵام شــەو و ڕۆژ دەگریا و دەینالاند و دەیگوت: توخوا من شــوێنم ئێرەیــە، براژنەکەم تاوانی کردووە من چی بکەم... بەهەرحاڵ (لەنجە) ســووربوو کە کارە هەڵەکەی براژنەکەی بە بەڵگــەوە ببینێ، ئیتر چەند جارێکی تر خۆی لێ مەڵاس داوە، ڕۆژێك دەڵــێ دەچمە پەیمانــگا و بە براژنەکەی دەڵــێ دەرگاکە لەدوای من داخە، بەڵام کە دەڕوا کلیلی ژوورەوە لەگەڵ خۆی دەبات، لە شــوێنێك خۆی مەڵاس دەدات و دەبینێ هەمان شــتی جارانە، ئەمجارە دەچێتە ماڵی دراوســێیەکەیان و دەڵێ کەسمان لەماڵ نییە و کلیلیشم لە ماڵەوە لەبیر کردووە بەســەربانی ماڵی ئێوە دەچمە سەربانی خۆمان و دەرگای ماڵەوەمــان دەکەمەوە، ئەوانیش دەڵێن بڕۆ، لەســەربان بەرمیلێك دێنێ و بەســەری دەکەوێ تا بتوانێ بەســەر دیوارەکەوە بکەوێ، بەهەرحاڵ بەهــەر زەحمەتێك بێت بەســەردیوارەکە دەکەوێ و خۆی بۆ ســەربانی خۆیــان تێهەڵدەدا لەوێ بەهێواشــی و بەپارێز دێتە خــوارەوە و گوێی لەدەنگــە دەنگێکی نزم دەبێت کە هی هەردووکیان دەبێ، وردە وردە و بە نەرمی دێتە خوارەوە و لەدەنگەکە نزیك دەبێتەوە تا دەزانێ لەکام ژوورە، ژوورەکە نیوەی دەرگاکەی کرابۆوە، لەســەرەخۆ سەری دەباتە پێشەوە و دەرگاکە بە ئاســتەم لەسەرخۆ دەکاتەوە و لە سوچێکی کەمی دەرگاکە بەشێکی لەشی هەردووکیان دەبینێ کە رووتن، ئیتر دەزانێ کە ئەوان وا تێکئالاون و ئاگایان لەکەس نییە و پێکەوەن، ئەویش بڕیاری خۆی دەدا و لەپڕ وەکو بروســکە دەرگاکە دەکاتەوەوە و ڕووبەڕووی هەردووکیان ڕەق ڕادەوستێ، سەیرێکی براژنەکەی دەکات و تفێکی ڕووبەڕووی لێدەکات و بەکوڕەکەش دەڵێ هەستە کوڕی ناپیاو هەتا بەکوشتنم نەداوی لەو ماڵە بــڕۆ دەرەوە و ون بە، کوڕە بەپەلە پەل جلوبەرگەکانی کۆ دەکاتەوە و لە دەرەوەی ژوورەکە لەبەری دەکات و بە براژنەکەشی دەڵێ: ها ڕەنگ زەرد و پەرێشان و بێ دەم و زار ماوی، بۆ قسەناکەی، بۆ نکوڵی ناکەی؟

پاشــان (لەنجە) بڕیــار دەدات بە براکەی بڵێ بــەڵام نایڵێ، هەر چۆنێك بێت چەند ڕۆژێك ئەو مەسەلەیە لەمێشکی دەخولێتەوە، ئینجا بڕیــار دەدات بە براکەی بڵێ، بــەڵام تا ئەو بە براکەی دەڵێ، براکەی بەخۆی گومانی لێدەکات و دواتر بەڵگە لەسەر ژنەکەی خۆی بەدەست دەکەوێ، براکەی و براکانی تری و باوکیشــی دێنە سەر ئەو بڕوایەی کە (لەنجە)ش لەگەڵ براژنەکەی دەســتی تێکەڵە و ئەوکارانە دەکەن، هــەر چەند هــاوار دەکا و دەقیژێنێ کە ئەو چاکــە و تەنیا ژنەکەی ناپاکی لێکردووە و مەسەلەکەی زۆر گەورە بووە لەلای بۆیە نەیتوانیوە دەمودەســت بڕیار بدات کاروکردەوەی براژنەکەی ئاشکرا بکات، هەموو ئەو قســانە بێسوود دەبێ و بڕوای پێناکەن، ئیتر کە کۆدەبنەوە و بڕیار دەدەن هەردووکیان بکوژن، دایکی بە مەسەلەکە دەزانێ و دراوسێیەکیان هەواڵ بۆ (لەنجە) دەنێرێ کــە بڕواتە بنکەی پۆلیس و خۆی دەرباز بکات و شــکایەت لە براکانی بکات کە بەبێ گوناە و تاوان دەیانەوێ بیکــوژن، کە(لەنجە) هەواڵەکەی پێــدەگات دەچێتە بنکەی پۆلیس، پۆلیســیش لەســەر بڕیاری دادوەر لە بنکەی چاکسازی دادەنێت بۆ پاراســتنی، پاش ئــەوەی هەفتەیەك دەمێنێتەوە کە دێتــە دەرەوە بەو شێوەیە دەیکوژن کە زانرا، دیارە براژنەکەشیان کوشتووە، بکوژیش برای (لەنجە)یە و هەڵاتووە، ماڵی باوکیشــی هەموویان ماڵیان بارکردووە و کەس نازانێ بۆ کوێ چوون.

●●●

**کچە هێشتا خوێنەکەی گەرم بوو، ئەوەندە خوێنەی لە لەشی مابوو زۆر لە سەرخۆ لە شوێنی گوللەکە دەچۆڕا و دەهاتە دەرەوە**

●●●

●●●

**دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە (لەنجە) لە بنکەی چاکسازی نەوجەوانان بوو، هەر کە هاتبووە دەرەوە ڕۆژی دواتر کوژرابوو**

●●●



# ئەو ئافرەتەی هەڵەی پێشووی دووبارە کردەوە

گەلێ جار مرۆڤ کە گوێبیستی هەندێ لە ڕووداوەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایە دەبێت لە ئاستییاندا خۆی پێ ڕاناگیرێ و حەزدەکات بەر هەر جۆرێك بێت بچێتە نێو بنجوو نێوەڕۆکی بەسەرهاتەکانەوە، بەتایبەتی ئێمەی ڕۆژنامەنووس کە هەردەم دەمانەوێت بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێین و بۆ خوێنەرانی بگوازینەوە و وەك هێلکەیەکی پاککراو بیخەینە بەردەستیان، دیارە لە زۆرکات و ساتدا پەنجەی تاوان و تاوانبارکردن بۆ پیاوان درێژ دەکرێت، کە ئەوان لە نێو کۆمەڵگادا پلەیەك تاوانبارن، بەڵام من بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ لەو کەسانەم و پێم وایە هەردوو ڕەگەز لە کۆمەڵگا بەرامبەر بەم و ڕووداوانە تاوانبارە ، چونکە هەر وەکو دەڵێن چەپڵە بە دەستێك لێنادرێت تاوانیش بە ڕەگەزێك ئەنجام نادرێت، بۆیە دەبێت لە ئەنجامدانی هەر کارێك ئەقڵ و بیر بەکاربهێندرێت، بۆ ئەوەی نەکەوینە نێو ئاریشەیەك کە دەربازبوون لێی زۆر زەحمەت بێت و لێرەدا پەشیمانی دادنادات، دیارە من ئەو قسانەم هەروا نەهێناوەتەوە، ماوەیەك لەمەوپێش لە نێو خزم کەسەکانی باوکم مقۆمقۆیەك هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە ئەوەندە هامۆشۆیان ناکەین، بۆیە ڕاستی بەسەرهاتەکەمان نەدەزانی، تا وایلێهات ئەم مەسەلەیە لای کەسانی دیکەش باس دەکرا، ئەویش گوایە (ج) ی تەمەن(٢٨) ساڵان گیراوە و ئێستا لە بەندیخانەدا دەست بەسەرە،(ج) ، خاوەن خێزانە و سێ کچی هەیە و ئەوەی من بزانم کچەکانیشی کەمێك ئیفلیج و کەم ئەندامن ،(ج) ئەوە چەند ساڵە پۆلیسە ماوەیەکیشە لە سەنتەری (.....) کار دەکات، بۆ وارێك ناکەوێت ئافرەتێك لە کاتی ژوانا لەگەڵ کەسێك لە ماڵی باوکی ئەو ئافرەتەوە دەبیندرێت و ئەو کات پیاوەکە ڕادەکات و ئافرەتەکەش لە ترسی هەڕەشەی خانەوادەکەی بە هەمان شێوە ڕادەکات بۆ بنکەی توندوتیژی ئافرەتان و دوای وەرگرتنی وتەکانی ڕەوانەی سەنتەری (....) دەکرێت کە (ج)ی پۆلیسیش ئیشی لەوێیە پاش ماوەیەك پەیوەندی لە نێوانیان دروست دەبێت و دەگاتە ڕادەی ئەوەی کەوا(ج) م وەعدی هێنان بەو ئافرەتە دەدات و ئەو مەوزوعەش لە ماڵێ لای دایك و باوکیشی دەکاتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی (ج) کرێچی دەبێت و باوکی سێ منداڵیشە و مووچەکەی تەنیا بەشی کرێ گرتنی ژوورێك دەکات، بۆیە دایك و باوکی بەو ژنهێنانەی ڕازی نابن و ئەویش کاتێ ئەم هەواڵە بەو ئافرەتە ڕادەگەیەنێت تووڕە دەبێت و سکاڵای دژی (ج) تۆمار دەکات کە گوایە سووکایەتی پێکردووە، بۆیە هەردوو لا واتە(ج) و ئافرەتەکە ڕووبەڕووی یەکتر دەکرێنەوە و هەردووکیان دان بەو پەیوندییە دەنێن. دادگا بڕیاری بەندکردنی (ج) دەدات، بەڵام دوایی و بەهەر جۆرێ بێت ئەو ئافرەتەکە ناوی (ئە،ج) دەبێت ڕازی دەکەن، بۆ ئەوەی لە داوای خۆی پەشیمان بێتەوە ئەویش لە بنکەی پۆلیسی (...) لە داواکەی خۆی خۆش دەبێت و ئەوکات(ج) بە کەفالەت بەردەبێت، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی کەوا ئێمە وەرمان گرتووە، دادوەر ئەم بڕیارەی تەمیزکردۆتەوە و ئێمەش چاوەڕوانی ڕۆژی دادگایی و هۆکاری تەمیزکردنەوە دەکەین.



مرۆڤ کە هەڵەیەك دەکات پێویستە سوود لەو هەڵانە بۆ دووبارە نەبوونەوە وەربگرێت، نەوەکو ئامادەبێ بۆ دووبارە کردنەوەی هەمان هەڵەی پێشوو کەوا بە دڵنیاییەوە بەرەو هەڵدێرمان دەبات ژیانیان لێ دەکاتە دۆزەخێکی هەمیشەیی و بێ کۆتایی.

بۆیە پێویست بوو(ئە) بە هیچ جۆرێ ئەم هەڵەی پێشووی دووبارە نەکردبایەوە و سوودی لە هەڵەی پێشووی وەربگرتبایە، نەوەکو لە کاتی چوون بۆ سەنتەری (...) هەوڵبدات پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا دروست بکات و هەمان هەڵسوکەوتی پێشووی بۆ دووبارە بێتەوە و دواتر سکاڵا دژی ئەم پیاوە تۆمار بکات، دەبوایە(ئە) پێش ئەوەی سکاڵا دژی (ج)، تۆمار بکات کە گوایە وەعدی هێنانی پێداوە پێویست بوو سکاڵا دژی ئەو پیاوە، تۆمار بکردایە کەوا پێشتر پەیوەندی لەگەڵدا هەبوو، چونکە ئەو بووە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی (ئە) ی بێتە ئەم شوێنە و بەمجۆرە ژیانی لێ بشێوێت.



(ج) منیش بەر لەوەی بیر لە پەیوەندیەکی لەو جۆرە بکردابایەوە دەبوایە ماڵ و منداڵەکانی هاتبا پێش چاو و تەقدیری وەزعی ئابووری خۆشی بکردبا.





كێشەی من و پیاوەكەم ئەوەیە نایەوێ بەهیچ شێوەیەک دینارێک خەرج بکات، ماڵ و منداڵ بەمووچەی خۆم بەڕێوە دەبەم

## لەنێو فایلەکانی

# ئەو پیاوەی سكاڵای دژی ژن و

### سكاڵا تۆماركردن لەژنی خۆی

كە پۆلیس لەبەردەرگا كە ناوی سیانی (موكەڕەم)ی بانگ كردو (موكەڕەم)یش كە هاتە ژوورەوە لەبەردەم دادوەر راوەستا، دادوەر سەیرێكی كردو پێی گوت: تۆ دیسان كێشەت چییە ئەو جارە چیت هەیە، چۆن دادگات بەخۆت سەرقاڵ كردووە؟

موكەڕەم گوتی: گەورەم ئەو جارە واز لە سكاڵاكەم دێنم تەنازول لە داوا سزایەكەم دەكەم، بەڵام دەستبەرداری داوا مەدەنییەكەم نابم، ئیتر دوای ئەوە دادگایكردنەكە لەو كێشەیەی كە ژمارە ١٤٩ ی سزای درابوو دەستپێكردو دادگا بانگی هەموو لایەنەكانی داواكەی كرد، دوای تۆماركردن و خوێندنەوەی گوتەی موكەڕەم، دادگا پرسیاری ئەوەی لێكرد كە ئایا لەسەر داواكەی خۆی سوورە یان تەنازول دەكات؟ موكەڕەم قسەكەی پێشتری دووپاتكردەوە كە دەستبەرداری داواكەی دەبێ لە دژی خێزانەكەی و كوڕەكەی و برای خێزانەكەی.

### پوختەی كێشەكە

موكەڕەم پیاوێكی ٤٦ ساڵییەو پتر لە ١٧ ساڵێك دەبێ ژنی هێناوەو چەند منداڵێكی هەیەو زۆربەشیان گەورەن و كوڕە گەورەكەی تازە ژنی هێناوە، موكەڕەم ئەگەرچی باری دارایشی زۆر باشەو خاوەنی خانوویەكی گەورەی مودێل تازەی خۆیەتی، بەڵام تابلێی پیاوێكی رەزیل و پیسكەیە، تەنانەت لەو بڕە پارەیەی كە بۆ مەسرەفی داناوەو دەیداتە ماڵەوە فلسێكی زیاتریان پێنادات، خێزانەكەی موكەڕەم كە لەیەكەمین گوفتاری خۆی لەبنكەی پۆلیس داویەتی، دوای ئەوەی ئەفسەری لێكۆڵینەوە پێی رادەگەیەنێ كە مێردەكەی داوای لەدژی ئەو و كوڕەكەی و براكەی تۆماركردووە بەوەی كەزێڕو پارەی ماڵیان لێ دزیوە، ئەویش بەسەرهاتەكە بەمشێوەیە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: جەنابی ئەفسەر دزی چی و حاڵی چی زێڕ زێڕی خۆمەو بەپارەی مووچەكەم كڕیومە و مانگ بەمانگ پاشەكەوتم كردووە، چۆن زێڕی خۆم دەدزم، نەمن نە كوڕەكەم و نەبراكەشم شتی وامان نەكردوون من



## دادگاوە

# کوڕەکەی تۆمار کرد

لەماڵی خۆم دانیشتووم و بەو پێیەش کە ژنی ماڵم، بای هێندە مافم هەیە هەڵسوکەوت بە کەلوپەلی ناو ماڵەکەم بکەم، کێشەی من و پیاوەکەم ئەوەیە نایەوێ بە هیچ شێوەیەك دینارێك بکاتە مەسرەفی ماڵ،لەوەندەی زیاتر کە دایناوە، من بە مووچەکەی خۆم ماڵ بەڕێوەدەبەم، منیش پێم گوتووە مووچەکەی من ئەوەندە نییە ماڵی پێ هەڵسوڕێنم ئەوەندەی بەش بکات خەرجی دەکەم، ئەویتر لەسەر خۆتە، دوای ئەو قسانە بە هەمان شێوە گوفتاری برای ژنەکەی و کوڕی خۆی وەرگیرا.

دوای ئەوە گوفتاری برای ژنەکەی وەرگیرا، بەڵام دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری بەندکردنی ئەویدا، ئەوە بوو دوو ڕۆژ گیرا پاشان بە دەستەبەری ئازادکرا، برای ژنەکە کە ناوی (یونس) بوو، بەمشێوەیە کێشەکەی بۆ خستینە روو: کە دوو ڕۆژ گیرام من سەرم سووڕمابوو ئاخر من چ پەیوەندییەکم بەکێشەی زاوەکەمەوە هەیە تا لەسەر کێشەی ئەوان من بگیرێم!! ئەوان دوو ژن و مێردی بەیەك ناکۆك و ناتەبان، ئەو پیاوە گیانی لەسەر دینارێك دەردەچێ، بەو بێت بیکوژن تەنها باسی پارەی بۆ نەکەی، خوشکەکەم دادو بێدادیەتی کوڕەکەشی بەماندبوو بوون و کارکردنی خۆی بڕێ پارەی کۆکردەوەو ژنی پێهێنا، ئەو باوکە تەنانەت دینارێکیشی پێنەداو یەکسەر ماڵی خۆشی کرد ئیتر ئەوە چ باوکێکە، پاشان لێکۆڵینەوە لەگەڵ کوڕەکەی کراو ئەویش بەمشێوەیە گوفتاری خۆیدا: من و باوکم قسەمان نییە پێکەوە، چونکە دوو ساڵ پێش ئێستا لەماڵ دەریکردم و منیش چوومە ماڵی خاڵۆم و ئەو حەواندمیەوە، ئەو خاڵۆیەم کە ئێستا باسی دەکەم و باوکم سکاڵای لەدژی ئەویش تۆمارکردووە، ئەگەر ئەو نەبوایە دەبوایە بچمە مزگەوتان، یان لەسەر شەقامەکان بخەوم یان دەبوایە بچمە هوتێلێك ژوورێك بەکرێ بگرم، ئێستاش لە هیچ و خۆڕایی سکاڵای لەدژی ئێمە تۆمارکردووە، پاش وەرگرتنی ئەو گوفتارانە دادوەر بڕیاریدا کە پشکنینی ماڵەکەی بکرێ، ئیتر ئەفسەری لێکۆڵینەوەو تیمی لێکۆڵینەوە چوونە ماڵی کابراکە گوایە دزی لێکراوە لەلایەن ژنەکەی و کوڕەکەی و برای ژنەکەی، کابرا ڕێنمایی ئەفسەری لێکۆڵنەوەی دەکرد و بردیە ئەو شوێنەی کە گوایە دزییەکەی لێکراوە، ئەفسەری لێکۆڵینەوە پێی سەیربوو کاتێك کابرا دەیگوت ئەمە ژووری تایبەتی خۆمەو قەبوڵ ناکەم کەس بێتە ئەم ژوورەم، کەچی ژنەکەشم و منداڵەکانیشم هاتوونەتە ئێرەو دەرگایان کردۆتەوە، ئەفسەرەکەش لێی پرسی داخۆ دەرگاکەیان شکاندووە یان هەر بەشێوەیەکی ئاسایی شکاندوویانە، ئەویش گوتی بەشێوەیەکی ئاسایی، بەهەر حاڵ لێکۆڵینەوە لەشوێنی ڕووداو تەواو کراو کێشەکە کرایە دۆسییە و رەوانەی بەردەم دادوەر کرا، دوای چەند هەفتەیەك ئینجا هەموولا لەبەردەم دادگا ئامادەبوون و بۆ دادگا دەرکەوت کە شتێك نییە ناوی تاوانی دزی بێ لەم کێشەیەدا تەنها ناکۆکییەکی خێزانی هەیە و کابرا ناتوانێ و نازانێ مامەڵە لەگەڵ ژن و منداڵەکانی خۆی بکات، دوا کەس کە دووبارە لەبەردەم دادگا قسەی کردەوە کوڕەکەی بوو کە گوتی: من لەڕووم نایە قسە بە باوکم بڵێم، بەڵام ئەوە دەزانم کە باوکم بەرامبەر بەدایکم زۆر کەمتەرخەم و نا بەرپرسیار بوو، منی لەتەمەنێکی ناسك لەماڵ دەرکرد، دایکمی بەدەیان جار لەماڵ دەرکردووە، تابۆی بکرێ بەکەمی خەرجی ماڵ دەدات و پێشتر و ئێستاش هەروا بووەو وایە، ئێمەی منداڵەکانیان هەمیشە لەناو ئاژاوەو شەڕی ئەواندا بووینە ئەگەرچی گوناه و هەڵەکە زۆرتریش هی باوکم بووە، ئاخر چۆن دەبێ پیاو سکاڵا لەدژی ژنەکەی تۆمار بکات! بۆحسابێکی بۆ ناو و ناوبانگی خۆی و خێزانەکەشی نەکرد، من کە ئێستاخۆمم و خاڵم و دایکم لەبەردەم دادگا بەڕێزەکەتان وەستاوین هەست بەدنیایەك شەرمەزاری و رووزەردی دەکەم نەك لەبەرئەوەی تاوانێکم کردووە کەدڵنیام نەمکردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی باوکم سکاڵای لەدژمان هەبووەو هیچیشمان نەکردوە، دوای ئەم قسانە دادگا سەرنجی کێشایە سەر ناوەڕۆکی گوفتاری لایەنەکان و بەڵگەکانی هەڵسەنگاند و گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە هیچ رەگەزێکی سزایی لەو کێشەیە نییەو بڕیاری بێتاوان بوونی هەرسێکیاندرا و ئامۆژگاری کابراش کرا، کە تۆزێك بە ئینسافانەوە مامەڵە لەگەڵ ژن و منداڵەکانی بکات و بەخێوکردنی ماڵ و منداڵ ئەرکی سەرەکی پیاوەو پێویست ناکات خۆی لەم ئەرکە بێکشێتەوە.

•••
دادگا سەرەنجی دایە ناوەڕۆکی گوفتارەکان و بەڵگەکانی هەڵسەنگاندو گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە هیچ رەگەزێکی سزایی لەکێشەکەدا نییە
•••

# پاش مردنی براکەی چ هەڵوێستێکی بەرامبەر براژنەکەی نواند؟



(تەماح)کردن لە سەروەت و سامان و لە شتەکانی تری دنیا، غەریزەیەکی بەهێز و هەندێکجار لای هەندێ لە مرۆڤەکان، زۆر پیسیشە هەن بۆ بەدەستهێنانی بڕێ سامان، یان دەستکەوتێکی مادی سڵ ناکەنەوە لە تاوانکردنیش، هەشن ئەگەرچی راستەوخۆ لەوانەیە نەتوانن یان جورئەتی کردنی تاوانیان نەبێت، بەڵام رەفتاری دیکە دەکەن کە لەگەڵ تاوانکردن جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە.
ئەم رووداوەش بەسەرهاتی کەسێکە کە لە پێناو بەدیهێنانی تەماحەکانی ئامادەبووە هەر تاوانێك بکات بەتایبەتی کە زۆری هەوڵداوە تا دوای براکەی، براژنەکەی بخوازێت، بەڵام ئایا تەنیا هەر ئەوەندە بووە نیازەکانی؟

**ئاهەنگ و زەماوەندە**

(ڕێدار و شەهلا) دەمێك بوو دڵیان چووبووە یەك، (ڕێدار) تازە پێی نابووە بیست و پێنج ساڵی تەمەنی خۆی کە (شەهلا)ی ناسی، بەتایبەتی کە هەردووکیان دەرچووی یەك کۆلێژ بوون و لەیەك دواناوەندیش دامەزران (شەهلا) لە خێزانێکی دەوڵەمەند بوو، ناوناوبانگێکی باش و کەسێکی گران و بەڕێزبوو، ئەو لەڕووی داراییەوە هیچ پێویستییەکی بە مووچەی وەزیفە نەبوو، بەڵام پێی خۆش بوو لەڕێی بروانامەکەیەوە خزمەتێك بکات، ئەو تاقانەی دایك وباوکی بوو، ئەگەرچی باوکی بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردبوو، تەنیا دایکی مابۆوە، بەڵام دایکیشی نەخۆشی دڵی هەبوو، چونکە دایك وباوکی ئامۆزای یەکتربوون و نەخۆشییەکەشیان نەخۆشییەکی بۆ ماوەیی بوو، بۆیە دایکی زۆر ترسی ئەوەی هەبوو پێش ئەوەی کچەکەی شوو بکات، ئەو کۆچی دوایی بکات، لەبەر ئەوە بە هیوای ئەوە بوو کچەکەی شوو بکات.

(شەهلا)ش رازی ببوو لەسەر داخوازی دایکی بەڵام بەو مەرجەی یان لەگەڵ دایکی دابنیشێت یانیش ئەو کەسەی کە مێردی پێدەکات خانوویەکی زۆر نزیك لە خانووەکەی دایکی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی وەك هەمیشە ئاگای لێبێت و خزمەتی بکات.

ئینجا وردەوردە (شەهلا) و(ڕێدار) لەیەك نزیك دەبوونەوە و پەیوەندییان رۆژبەرۆژ بەهێزتر دەبوو، وای لێهات ئەم دووانە زۆر هۆگری یەك بوون و بەبێ یەك هەڵیان نەدەکرد، تا هەردووکیان هەستیان کرد هەمان هەست وسۆز هەردووکیان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە بەڕاستی یەکتریان خۆش دەوێت...(ڕێدار) کەسێکی سادە و راستگۆ بوو، دڵکراوە و دڵساف بوو، کەسێك بوو چاوی لەسەروەت و سامان و ئەوشتانە نەبوو، بەقەد ئەوەی خۆشەویستی(شەهلا)ی لای مەبەست بوو، رۆژێك (ڕێدار)بە(شەهلا)دەڵێ کە نیوەڕۆیەکەی

لەماڵی ئەوان نان بخوات ئەویش دوای ئەوەی دایکی ئاگادار دەکاتەوە، داواکەی (ڕێدار) قبوڵ دەکات، نیوەڕۆ دایکی (ڕێدار) زۆر بەدڵخۆشییەوە پێشوازییەکی گەرم لە (شەهلا) دەکات و بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات، هەر ئەو ڕۆژە (ڕێبوار)یش لەماڵەوە دەبێت کە چاوی بە(شەهلا) دەکەوێ، یەکسەر تەماحێکی پیس بەری چاوی دەگرێ، پاش ئەوەی (شەهلا)باسی خۆی و دایکی و باری دارایی خۆیان دەکات کە پشت بەخۆیان دەبەستن و لە هیچیان کەم نییەو خۆشی تاقانەی دایکیەتی، (ڕێبوار) سەرەتا هەوڵدەدا تۆزێك بەخراپە باسی (ڕێدار)ی برای بکات بۆ (شەهلا) بەڵکو لەو ڕێگەیەوە (شەهلا) دڵی لە (ڕێدار) ساردبێتەوە، بۆ ئەمە هەوڵدەدا بە ڕەزیل و چاوچنۆك و تەماحکار لەلای (شەهلا) بیناسێنێ... بەهەر جۆرێك بێت لەو بۆنانەی کە(ڕێبوار) ڕێکەوتی (شەهلا) دەکات هەوڵدەدا ئەو جۆرە هەستە لای (شەهلا) بوروژێنێ، ماوەیەك هەوڵی لەو شێوەیە دەدات بەڵام دەرەنجامەکەی هیچ نابێت، پاشان هەوڵدەدا واتێبگەیەنێ کە چاوی لەماڵ و سامانیەتی، خۆی کەسێکی ماددی و پولەکییە، لەوەشدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، هەوڵی دیکەش دەدات بەڵام لە هەموویاندا تۆزقاڵێك ناتوانێ هەستی (شەهلا) ببزوێنێ یان گومان بخاتە دڵییەوە، هەموو ئەوانەشی بە جۆرێك دەکرد کە نێوان خۆی و (ڕێدار)ی برای مەسەلەکە وا نەکەوێتەوە کە نیازە گومانلێکراوەکانی بۆ هەردوولا ئاشکرا ببێت، تەواو لە هەوڵەکانی بێئومێد بوو، زانی هیچ بەهیچ ناکات، ناچار دەستبەرداری هەوڵەکانی بوو، بەڵام دەستبەرداری تەماحەکانی نەبوو، چاوەڕێی کرد بەڵکو دەرفەتێك هەڵبکەوێت و گورزی خۆی بوەشێنێ، لەدڵی خۆیدا وازی لە ئامانجەکانی نەهێنا بەڵکو بە سەبرەوە لە چاوەڕوانیدا مایەوە.

### زەماوەندی (ڕێدار)و(شەهلا)

ماوەی چەند مانگێك بەسەر یەکتر ناسینی (شەهلا) و(ڕێدار)دا ڕەتبووبوو، پەیوەندییەکەیان گەیشتبووە ئاستێك کە بڕیاری کۆتایی بدەن لەسەر چوونە نێو قەفەزی زێڕینی هاوسەرێتییەوە، ئەوە بوو(ڕێدار) داخوازی کرد و لەسەر ئەوەش پێکهاتن کە خانوویەك لە تەنیشت یا نزیك ماڵی دایکی (شەهلا) بکڕن و تیایدا نیشتەجێ بن، بەڵام لەبەر ئەوەی (ڕێدار) ئەو پارەیەی نەبوو خانوویەکی وابکڕێت، ئەوەندەی پێیکرا و لەدەستی دابوو بە(شەهلا) بیدات و لەگەڵ ئەو پارەیەی کە (ڕێدار) هەیبوو، خانووەکە بکڕن، بەڵام (ڕێدار) مەرجی ئەوەی دانا کە خانووەکە هەر بەناوی (شەهلا) بێت، چونکە بەشی زۆری پارەکە ئەو داویەتی، بەهەرحاڵ خانوویان کڕی و ئەم دووانەش وەك ژن ومێردێکی بەختەوەر چوونە ناوی.

### مردنی دایکی (شەهلا)

نیوەڕۆ بوو کە ژن ومێرد تازە لە دەوامی ئاسایی خۆیاندا هاتبوونەوە ماڵەوە (شەهلا) گوتی: دەچم سەرێکی دایکم دەدەم و هەواڵی دەپرسم و ئێستا دێمەوە، بشزانم هیچی بۆ ئامادە ناکەم، دوای چەند خولەکێك، زەنگی مۆبایلەکەی (ڕێدار) لێدرا، کە هەڵیگرت سەیری شاشەکەی کرد، دیتی (شەهلا)یە زەنگی بۆ دەکات، بە هیواشی هەڵیگرت و گوتی ئەلو: بەڵام (شەهلا) بە دەنگێکی لەرزۆك و بەگریان و جۆرێك لە پاڕانەوە داوای لە (ڕێدار) دەکرد بیگاتێ دایکی کەوتۆتە سەر زەوی، ئەویش بەپەلە خۆی گەیاندێ و بەپەلە گەیاندیانە نەخۆشخانە بەڵام لەوێ پزیشکەکان گوتیان کە دەمێکە گیانی لەدەستداوە، پاش ئەو کارەساتە بە ماوەیەك (ڕێدار و شەهلا) چوونە ئەو خانووەی کە دایکی تێدابوو، خانووەکەی تریشیان بەکرێدا.

نیوەڕۆیەکی ڕۆژی هەینی کارەبای ماڵیان تێکدەچێ (ڕێدار) بانگی (ڕێبوار)ی برای دەکات کە هاوکاری بکات لە چاککردنەوەی ئەویش دەچێتە ماڵیان، ئیتر بەکارەبا چاککردنەوە خەریك دەبن و(ڕێبوار) کارەبایەکە کە لەشوێنێکدا پچڕانی تێدابوو، بەهەڵە دەبەستێتەوە کاتێك دەبڵی سەرەکی کارەبای ماڵەکە پێدەکەنەوە، کارەباکە شۆت دەکات و(ڕێدار)یش پێوەی دەبێ و دەمودەست دەیکوژێت، (ڕێبوار) بە بیانووی ئەو ڕووداوەوە خۆی دەکاتە خاك و خۆڵ بۆ(شەهلا) نیازەکانی پێشتری و پرۆژە و نەخشەکانی پێشتری زیندوو دەکاتەوە، دەست دەکاتەوە بە هەوڵەکانی خۆی، سەرەتا لەدایك وباوکی دەگەیەنێ، کە ئەو براژنی بووە و ئێستاش بێوەژن ماوەتەوە، چاوی بەرایی نادات کە بەو جوان و جاحێڵییەی بمێنێتەوە، با کەسێکی بێگانە چاوی تێنەبڕیت، هەروەها جوانیش نییە بەتەنیا بمێنێتەوە زۆری تر لەو قسەوبیانوانە، بەڵام(شەهلا) ڕازی نابێت جارێکی تر مێرد بکاتەوە، بەو ڕەتکردنەوەیەی (شەهلا)، (ڕێبوار) شێت و شەیدا دەبێت و هێندەی دیکە لەسەر مەرامەکانی خۆی سوور دەبێت، نزیکەی دوو مانگێك بەسەر مردنی (ڕێدار)دا ڕەتدەبێ و(ڕێبوار)یش بەردەوام دەبێ لەسەر هەوڵەکانی خۆی.

جارێك بە قسەی خۆش و لووس، جارێك بە فشارو زۆر بۆهێنان، جارێکیش بە ترساندن و تۆقاندن، هەرچۆنێك بێت دوای ئەوەی دایك و باوکی (ڕێبوار) زۆر هەوڵ و تەقەللا دەدەن کە (شەهلا) ڕازی بکەن شوو بە(ڕێبوار) بکات، تا ئاخیرییەکەی قەناعەتی پێدێنن... دوای ئەوەی کە بەهەر جۆرێك بێت قەناعەت بە(شەهلا) دێنن کە شووی پێ بکات، لەم سەروبەندەدا دەبێت کە نزیکەی چوار مانگێك یا زیاتر بەسەر مردنی (ڕێدار)دا ڕەتدەبێ، پاش ئەوەی (شەهلا) خۆشی بێ ترشی بێ ڕازی دەبێ مێرد بە(ڕێبوار) بکات، ڕۆژێك(ڕێبوار) کە جارێ مارەی نەکردووە، داوای سەنەدی ئەو خانوانە دەکات کە هەیەتی و بەناویەتی، ئەم خۆئاشکراکردنەی (ڕێبوار) دەبێتە باشترین بەڵگە لەسەر نیازو مەرامەکانی (ڕێبوار)بۆ (شەهلا) و دوای ئەوە بەشێوەیەکی ڕەها مێردکرن بە (ڕێبوار) ڕەتدەکاتەوە (ڕێبوار)یش کە دەزانێ چ هەڵەیەکی کردووە هەوڵدەدات هەڵەکەی خۆی ڕاستبکاتەوە، بەڵام ناتوانێ تۆزقاڵێکیش ڕای (شەهلا) بگۆڕێ، (ڕێبوار) ئیتر دەست دەکات بە هەڕەشەی کوشتن، ئەویش کە دووامی دەبێ ئەوان ئاگادار دەکاتەوە و دەچێتە بنکەی پۆلیس سکاڵای لە دژی تۆمار دەکات... دادگاش بڕیاری دەستگیرکردنی دەدات. دوای ئەویە لە بەندینخانەی دەکەن ئینجا لە ناچاریان بەبەڵێندان و بەڵێنامە پڕکردنەوە کە جارێکی تر ببڕای ببڕ توخنی (شەهلا) نەکەوێ، بەشێوەیەکی کاتی (شەهلا) لێی خۆش دەبێ، بەمشێوەیە بە زەبری دادگا(ڕێبوار) لەکۆڵ (شەهلا) دەبێتەوە و دەستبەرداری دەبێت.

●●●
**ڕێبوار بەبیانووی ئەو ڕووداوە خۆی دەکاتە خاك و خۆڵ بۆ شەهلا، نیاز و پرۆژە و نەخشەکانی پێشتری زیندوو دەکاتەوە**
●●●

●●●
**ئەم خۆئاشکراکردنەی(ڕێبوار) دەبێتە باشترین بەڵگە لەسەر نیازومەرامەکانی ڕێبوار، بۆیە شەهلا بە شێوەیەکی ڕەها مێردکردن بەو کورە ڕەتدەکاتەوە.**
●●●



## لە نێو فایلەکانی دادگاوە

# ژن و مێردایەتییەکی سەیر!!

کەسێك دوای هەشت مانگ شووکردن، ئینجا داوای تەڵاق بکات و سووریش بێ لەسەر وەرگرتنی تەڵاقەکەیی و هەموو مافەکانی و تەنانەت داوای قەربووکردنەوەش بکات، دەبێ پاساوێکی بەهێز و مەنتقی هەبێ، ئەگەر نا دەبێ پاڵنەرێك وا لە ئافرەتێك بکات کە تازە بووکیش بێت و خۆشی بە تەڵاقدان بدات.. ئەمە یەکێك بووە لەو کێشە سەیر و سەمەرانەی کە یەکێ لە دادگاکانی باری کەسینە بینیوویەتی و ئێمەش پوختەکەی لێرەدا بڵاودەکەینەوە...

### داخوازیکردنی کچێک

(عەبدولکەریم) پیاوێکی (٤٧)ساڵییەو کەسێکی هێمن و پیاوێکی نەجیبە، ئەو کە خاوەن سێ کچ و دوو کوڕە، کچە گەورەکەی لە تەمەنی(٢٥)ساڵیدایە و ناوی( پەخشان)ە.

ئەم کچەی خوێندنی لە پەیمانگا تەواو کردووە و دوو ساڵێك دەبێ لە فەرمانگەیەك دامەزراوە، (عەبدولکەریم) سەبارەت بە کێشەی کچەکەی شەرمی کرد هیچ بڵێت و پێیخۆش نەبوو لە زاری ئەوەوە مەسەلەکە بزاندرێت هەر چەندە بۆ دەرخستنی راستی، حەزی دەکرد شتەکە روونبکاتەوە، بەڵام وەك بەخۆی گوتی با هیچ شتێك لە زاری ئەوەوە بڵاو نەبێتەوە، بۆیە ئاماژەی بۆ پارێزەرەکەیانی کرد کە ئاگاداری هەموو کەین و بەینی مەسەلەکە و ماڵی (عەبدولکەریم) و چۆنییەتی خوازبێنی کردنی (پەخشان) و پاشان داوای تەڵاق کردنەکەی بوو، چونکە جگە لەوەی پارێزەری (پەخشان) بوو، هەروەها ئامۆزاشی بوو، ئەو پارێزەرە تەواوی مەسەلەکەی بۆ گێڕاینەوە و گوتی:

دەمێك بوو کابرایەکی (٢٧) ساڵی بەناوی (هۆشیار) بەنیازی (پەخشان)بوو خۆی بەسەر و سیما چ خەوشێکی لێ دیار نەبوو. کاروکاسبیەکی باش و ناو ماڵێکی باشی هەبوو، تەنیا خۆی و دایکی و دوو براو خوشکێکی هەبوون کە ئەویش مێردی کردبوو ئەو لە براکانی گەورەتربوو، هەروەها هەر بەخۆشی دایکی و دوو براکەشی بەخێودەکرد، ئێمە زۆرباش نەماندەناسی، کە هاتە خوازبێنیش هەندێك سەروسۆراغیمان پرسی، بەڵام هیچ شتێکی خراپمان لێ نەبیست.

بۆیە دوای دوو سێ هەفتە لە خوازبێنی کردنی( پەخشان) باوکی (پەخشان) رەزامەندی نیشاندا، دوای ئەوەی بیروڕای (پەخشان) نیشی وەرگرت و ئەویش هەر رازی بوو، پاش ئەوەی بەرەسمی خوازبێنی کردو شەکرا و خورایەوە و بە مەلا مارەکرا، چوونە دادگاش و لەوێش گرێبەستی مارەبڕینی کرد، دوای مانگێك گوتی: ئەگەر ئێوە رازین من هەموو شتێکم ساز و ئامادەکردووە حەز دەکەم بیگوازمەوە، ماڵی بابی کچەش گوتیان هیچ لارییەکمان لەسەر نییە و بڕۆ بیگوازەوە پیرۆزی یەك بن.

ئەوەبوو وەکو هەر کەسێکی ئاسایی تر جلی بوکێنی بۆ بووك هێناو خۆشی بە جوانی خۆی رازاندبۆوە و قاتێکی جوانیشی پۆشیبوو، بە ئاهەنگ و خۆشی و سەفاوە رێوڕەسمی بووك گواستنەوەی کرد و شەویش چوونە هۆتێلێك و شەویان لەوێ بەسەر برد، ئەو شەوە وەکو (پەخشان) بۆمانی گێڕایەوە و گوتی:

که چووینه هۆتێل و ژوورێکمان گرت، ئەو جلەکانی خۆی داکەند و تەنیا بە جلی ژێرەوەی مایەوە و یەکسەر چووە گەرماو گوتی زۆر هیلاکم و زۆر ئارەقەم کردووە دەچم خۆم دەشۆم، کەهاتە دەرەوە گوتی: هەستە ئاوەکە گەرم و خۆشە تۆش برۆ خۆت بشۆ، ئیتر منیش بە گوێم کرد، وەختێك هاتمە دەرەوە دەبینم نووستووە، منیش گوتم دیارە زۆر ماندووبوو بۆیە هەڵمنەساند و خۆشم نووستم کە بەیانی هەڵساین گوتی: هیچ شتێك بە ماڵی بابم مەڵێ با نەزانن، ئەگەر پرسیاریشیان کرد بڵێ هەردووکمان هیلاك بووین، بۆیە شەو هەردووکمان خەومان لێکەوتووە و هیچمان نەکردووە، ئیتر شەوی یەکەمی بە زاوابوونی ئاوا بەسەر کرد، بڕیاریاندا بوو شەوێکی تریش بمێننەوە ژوورەکەیان شەوێکی تریش بەکرێ گرت، ئەو شەوەش وەك پەخشان پێی گوتین: ئەو شەوەشی بە هەنجەتی سەرسووڕان و دڵ تێکچوون و شەکەتی هیچمان بە هیچ نەکرد، بەمجۆرە دوای دوو ڕۆژەکە (پەخشان)ی بردبۆوە ماڵی خۆیان و تا هەفتەیەك ئەو هەر بە زاوا نەبوو بوو، پاش هەفتەکە بە(پەخشان) دەڵێ: من ناتوانم بە زاوابم چونکە نووشتەم لێکراوە و (بەستراوم) (پەخشان)یش سەری سووڕدەمێنێ لەو شتە ، بەڵام بە(پەخشان) دەڵێ کە شتێکی کاتییەو چاك دەبێتەوە، بەو مەرجەی کەس بە مەسەلەکە نەزانێ نە ماڵی بابی خۆی و نەهی(پەخشان)یش، ئیتر(پەخشان) یش لەبەر خۆی لەلایەك و لەبەر مێردیشی لەلایەکەی ترەوە مەسەلەکی بۆ کەس باس نەکرد.

## نهێنییەکی نێوان ئەو ژن و مێردە

ڕۆژان هات و ڕۆژان ڕۆیی، مەسەلەی بە زاوانەبوونی (هۆشیار) نهێنییەك بوو لە نێوان ئەو دوو ژن و مێردە مابۆوە(پەخشان) چەند جارێك پێی گوتبوو: تۆ کە ئەو کێشەیەت هەیە بۆ خۆت وا سەغڵەت کردووە، وەرە بابچینە لای پزیشکێکی شارەزا بەڵکو چارەسەرت دەکات، ئەویش پێی گوتبوو زۆر جاری تر چوویمە پێشتر هیچ کێشەیەکم نەبووە، بەڵام لەوەتەی هاتوومەتە خوازبێنی تۆوە وام بەسەر هاتووە، قەیدیناکا لەبەر خاتری تۆ ئەمجارەش دەچمەوە، بەڵام حەز ناکەم تۆ لەگەڵم بێیت، (پەخشان) یش پێی گوتبوو من خێزانی تۆم، ڕەنگە ببمە هۆکاری چارەسەر بوونت و پزیشك بە پێویستی بزانێ لەگەڵت بم و بتوانم هاوکاریت بکەم... ئیدی چەندی هەوڵ لەگەڵدا بوو بێ سوود بوون بە بیانووی جۆراجۆرەوە ڕازی نەبوو، (پەخشان) پێی گوتین: کە دوای دوو ڕۆژ ئێوارە بەخۆوبە نایلۆنێك دەرمانەوە هاتەوە و گوتی: چوومەتە لای فلان دکتۆر و پێی گوتووم: بەڵێ ڕاستە تۆ(بەستراوی ) ئەو چارەسەرانەشی بۆ نووسیووم و پێی گوتووم کە سەبرو ئارامم هەبێ و گرنگترین شتیش ئەوەیە خێزانت داوای سەرجێیت لێنەکات، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی خراپ بوونی زیاتری حاڵەتەکەت..(پەخشان)ی داماویش بڕوای پێدەکات و بۆ ئەوەی باری دەروونی ئاسوود بێ و هیچ فشارێکی نەکەوێتە سەر بابەتی بە زاوابوونی هەر لەلا ناکاتەوەن، بەڵام سەیر لەوەدابوو وەکو( پەخشان) پاشان پێی گوتین کە کابرا ژووری نووستنی جیابوو، بە تەنیا دەخەوت، خۆی لەبەردەمی نەدەگۆڕی، کە دەچووە گەرما و لە ماڵەوە، قەت خۆی نەدەشووشت، ئەو شتانە زۆر بەلای (پەخشان)ەوە سەیر و نامۆ بووە، چەند مانگێك بەسەر ئەو باسەدا ڕۆیی و (هوشیار)و(پەخشان) یش هەروا مابوونەوە و کەس نەچووە بوو لای کەس(پەخشان) دەیگووت ئەگەر مەسەلەکە بەراستی بووایە قەت قسەم نەدەکرد، بەڵام هەڵسوکەوتەکانی زۆر جێی گومان بوو، تۆ بڵێی پیاوێك ژن بێنێ کە بە شەرع و بەیاساش حەڵاڵی خۆیەتی ڕێگە نەدات یا شەرم بکات، ژنەکەی بە رووتی بیبینێ، بووە(٧) مانگ ئەوانە هەروا مابوونەوە، ڕۆژێك (پەخشان) مەسەلەکە لەگەڵ دایکی باس دەکات و پێی دەڵێ:

دایە دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم بەڵام تو خوا جارێ لای کەس مەیدرکێنە، چونکە زۆر لە مەسەلەکە دڵنیانیم ئەویش دەڵێ: بڵێ کچم چی بووە، بۆ وا پەشۆکاوی و بەترس و لەرزەوە قسە دەکەی؟(پەخشان) پێی دەڵێ: وەڵڵا دایەگیان چیت لێبشارمەوە ئەوە(٧) مانگ زیاترە تا ئێستاش(هۆشیار) بە زاوا نەبووە، دایکی واقی وڕما و ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد و پێی گوت: چۆن ، ئەوە تۆ بەراستە!! کچم دەترسم شەرم بکات و شتێکی هەبێ(پەخشان) یش پێی گوتبوو، دایەگیان وا بزانم مەسەلەکە نە شەرمە و نە هیچ، ئەو تەنانەت لە ژوورێکی تایبەت و بە تەنیا دەخەوێت، کە خۆی دەشوات، دەچێتە گەرماوی بازاڕ، کە خۆی دەگۆڕێ دەچێتە ژوورەکەی تر، تەنانەت خۆشی بەمن نیشان نادات، بەهەر حاڵ هەردووکیان ماوەیەك لە باسەکە دەکۆڵنەوە و دەگەنە سەر ئەوەی بە باوکی (پەخشان) بگوترێ دایکی (پەخشان) بە باوکی دەڵێ: ئەویش گومان لە شتێك دەکات، هەر چۆنێك بێت خێزانەکە هەموو کۆدەبنەوە باوکی(پەخشان) لەگەڵ کوڕەکانی خۆی ڕێکدەکەوێ کە ڕووبەڕوو لەگەڵ(هۆشیار) قسە بکەن، کە ئەگەر شتێك هەیە با بزانن باشترە، بەڵکو دەتوانن هاوکاری بکەن، ئەگەریش نهێنییەك لە مەسەلەکە هەیە، با ئاشکرا بێت، ئەوەبوو ئێوارەیەك هەر سێ براکەی کە منیش لەوێ بووم بانگی(هۆشیار) دەکەن و باسەکەی لەگەڵ دەکەنەوە، چەندی(هوشیار) خۆی دەینێ و دەبات شتێکی وەها نادات بە دەستەوە کە جێگەی قەناعەت بێت، من گومانێکم هەبوو، بە چرپە گومانەکەم بە برا گەورەی(پەخشان) گوت و گوتم با جلەکانی دابکەنێ..(هۆشیار) ڕازی نەبوو، مەسەلەکە بووە تووندوتیژی و توڕەیی، بە هەرحاڵ جلوبەرگی پێداکەندرا، ئیتر ئێمە هاتینە دەرەوە و گوتمان با(پەخشان) بچێتە دادگا و داوای تەڵاق بکات و هەموو مافەکانیشی بۆ وەردەگرم و داوای قەرەبووشی لێدەکەم، هەموو گوتیان دەباشە ئاخر مەسەلەکە چییە، کچمان تازە مێردی کردووە، خوا هەڵناگرێ ماڵی لێتێك بدەین، بۆ گەیشتنە ئەو بڕیارە سەخت و دژوارە ئاخر کێ دەڵێ کابرا تەڵاقی دەدات، برا گەورەکەی(پەخشان) گوتی: تەڵاقیشی نەدات ئێمە یا بە زۆری پێی تەڵاق دەدەین یان دەبێ بەخۆشی خۆی تەڵاقی بدات، باوکی گوتی: ئەوە بۆ واتان لێهاتووە بۆچی هۆیەکەیم پێناڵێن، ئیتر منیش ناچار بووم هەم لە جیاتی برایەکانی (پەخشان) و هەمیش بەو سیفەتەی کە ئامۆزایانم بڵقەکە بتەقێنم مەسەلەکەم ئاشکرا کرد و گوتم: مامە(هوشیار نەژنە و نەمێردە، بە کورتی (نێرە موکە) و توانای مێردایەتی نییە و بڕایەوە.

●●●

**بە هۆشیارم گوت ئامادەم لە گەڵت بێمەلای دکتۆر و هاریکاریت بکەم، بەڵام ئەو رازی نەبوو موکوڕبوو لەسەر ئەوەی کە خۆی بە تەنیا پشکنینی پزیشکی بکات**

●●●

●●●

**هۆشیار کە دەیزانی حاڵەتی ڕەگەزی ناتەواوە دەبوایە نەخۆی تووشی ئەو هەڵوێستە ناخۆش بکات نە کچێکیش رووبەڕووی حاڵەتێکی ئاوا بکاتەوە ، چونکە هاوسەنگی ژیانی هاوسەری لەسەر چەند بنەمایەک وەستاوە، نەبوونی هەریەک لەو بنەمایانە نەنگی دەخاتە هاوسەنگی ژیانەوە.**

●●●